پەرلەمانی عێراق ئەندامانی لیژنەی دارایی پەسەندکرد؛ پێنج ئەندامیان کوردن



پەرلەمانی عێراق لە دانشتنی ئەمڕۆیدا ئەندامانی حەوت لیژنەی پەرلەمانی پەسەندکرد لەنێویاندا ئەندامانی لیژنەی دارایی کە پێنجیان کوردن.

بەپێی راگەیەندراوکی فەرمانگەی راگەیاندنی پەرلەمانی عێراق، لە دانیشتنی ئەمڕۆی پەرلەماندا، ئەندامانی حەوت لیژنە پەسەندکراون کە پێکدێن لە لیژنەکانی دارایی، نەزاهە، ڕۆشنبیری، ئاسایش و بەرگریی، نەوت و غاز، مافی مرۆڤ، کێچ و کێچبەران.

لیژنەی دارایی کە لیژنەیەکی هەستیارەو ڕێی دەبێت لە پرسی بودجەدا، پێنج ئەندامی کوردی تێدان کە بریتین لە: ئیخلاس دلێمی و دانا عەبدولغەفور لە فراکسیۆنی پارتی، دیلان غەفور لە فراکسیۆنی یەکگرتی، ڕێبوار کەریم لە فراکسیۆنی ڕۆتی هاوڕێست، جەمال کوچەر لە فراکسیۆنی یەکگرتوی ئیسلامی.